# مەهاباد گوێی لە وەڕەی سەگگەلە!!!!

بەرزان هەستیار

bhastiar@yahoo.de

بەر لە هەموو شتێ نامەوێ منیش لەوێوە دەست پێبکەم وبڵێم دیالۆگ چییەو شێوازی دیالۆگ چۆنە، بەڵکو ئەمەوێ یەکەو ڕاست بچمە سەر کاکڵەی مەبەست و بۆ یەکەمین جار بێمە نێو گفتوگۆیەکەوە کەبە هیچ شێوەیەك حەزم نە بە دروست بوونی بووەو نە هەرگیزیش خۆم تووشی ئەو جۆرە کێشە بێ تامانە کردووە.
(مەهاباد قەرەداغی) ئەوەی ویستی و بڕوای پێ بوو سەبارەت بە گۆڕینی ڕۆژی ژنان ، ئافرەتان ،(چیتان پێ باشە وای ناو بنێن) لەلایەن مەجلیسی حوکمەوەلە عێراق، نووسی و بڵاوی کردەوە،ئەم نووسینەی مەهاباد بە ناوهێنانی( مەنسوری حیکمەت) بوو بە ئاگرو بەربووە پووشووی هەندێ لە برایانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاران و کۆمەڵێ وەڵام و نووسینی بەدوای خۆیدا ڕاکێشاو کار گەیشتە تەوهین کردنیش، هەڵبەتە کەسێ نییە بتوانێ بە زۆر کەسێ ئیجبار بکات چۆن بنووسێت و چۆن بیر بکاتەوە، هەر وەکو چۆن بۆ کەسیش ڕەوا نییە بە بێ بەڵگە کۆمەڵێ تاوان و قسەی بێ لەزەت بخاتە شوێن کەس.
بەهەرحاڵ ئەوەی نووسرا ..نووسرا و مەهابادیش جگە لە چاوپێکەوتنەکەی کوردستان پۆست بێدەنگی هەڵبژارد،ئەوەی ڕاستیی بێت من ئەمزانی ئەم بێدەنگییەی مەهاباد خۆی لە خۆیدا وەڵامە،ئاخر هەندێ جار بێدەنگیی ڕەنگە جوانترین وەڵام بێت، بەڵام بەداخەوە ئەم بێ دەنگییە زۆری نەخایاندو دیسانەوە مەهاباد هاتەوە قسە ،بەڵام ئەمجارەیان بە شیعرێك کەلە سایتی دەنگەکاندا لە16/9/ 2003دا بە ناونیشانی( هاژەو واژە!) بڵاوی کردەوە، بەڕاستی من دوای خوێندنەوەی شیعرەکە تەلیسمی ئەو بێدەنگییە جوانەی مەهابادم لا شکاو نیگەرانی کردم ،مەهاباد خۆی گازندە لەدەست شێوازی ئەو نووسینانە ئەکات کەلەسەر ئەو بابەتەی، لەسەری نووسران ،کەچی بەداخەوە ئەم جارە خۆی لە پاڵ خڕکە بەردی سەنگەری شیعرێکەوە ئەوەی نەشێ بە بەرامبەرەکانی ئەکات، ئەوەتا هەر لەسەرەتای شیعرەکەیەوە ئەڵێ:

لەدەرەوەی ماڵە کاغەزینەکەمدا
گوێم لە وەڕەی سەگگەلی ئەم چۆڵەوانییە سامناك و ڕەشپۆشەیە!
دزەکانن،
هاتوونەوە..بۆ دزینەوەی سۆمای چاو
بۆ دزینی بڵندگۆی زمانی پاراو

یان دەڵێ :
ئەم سەگوەڕە زۆر نزیکە دەناسمەوە!

تا ئەگاتە ئەو شوێنەی ئەڵێ :
ئەم سەگوەڕە بەردەوامە،

دزەکانن،
لە چاوەڕوانی کوژانەوەی سۆماییم،لە پەنا دیواری ماڵە کاغەزەکەم
بادەی پڕ جەخار فڕ دەکەن!

یان دەڵێت:
سەمای من و ئەم ئاگرە شەپۆلانە،
دوا لەتی شەوی ئاوا کرد،
سەگوەڕ هێدی هێدی کەمتر دەبێتەوە،
پێدەچێ پیاوە پووتەکان،
پێدەچێ دزە ڕووتەکان..لە پەنا دیواری ماڵە شیعرەکەم،
بە پێکی جەخار،
لە هۆشی خۆیان چووبن!

تا لە دوا کۆپلەیدا دەڵێ:
لەبەر ئەم هاژەو واژانە..
نە گوێمان لە وەڕەی سەگ دەبێت..نە باکمان هەیە لەدزە پەست و مەستەکان!
سوپاس بۆ شینایی شەپۆل،
کە فێری کردم بەدەم مەشقی عەشقەوە بۆ هەمیشە..ڕاستی بکەم بە دوا ستران

جا خوێنەری ئازیز ئەوە ی زۆر سەر پێیش ئەم شیعرە بخوێنێتەوە بە ئاشکرا لە کاکڵ و مەبەستی مەهاباد ئەگات ، بە تایبەتیش کە لە مێژووی نووسینی شیعرەکە ورد بینەوە کەلە 15/9/ 2003نووسیویەتی و هەر بە پەلەش لە 2003/9/16دا بلاو یکردووەتەوە،من ئەمەوێ لێرەوە بە مەهابادخان بڵێم ڕەنگە بەر لەبلاوکردنەوەی ئەم شیعرە تۆ سوار و بەرامبەرەکانت پیادە بووبن، بەلام بڕوات بێت بە بلاوکردنەوەی ئەم شیعرە تۆش خۆت پیادە کردو بەو تفەنگە چوویتە مەیدانی شەڕەوە کە نەدەبوو تۆ تەقەی پێ بکەیت، ئەمە جگە لەوەی لە ڕووی هونەرییشەوە گرنگییەکی ئەو تۆت بە شیعرەکە نەداوەو هەر زۆر بە پەلە بلاوت کردووەتەوە و خۆشت و خوێنەریش ئەزانن کە ئەمە وەلامێکە بۆ ئەو نووسینانەی کەلەسەرت نووسران و بۆ ئەو سووکایەتیانەی کەلە هەندێکیشیاندا پێت کران، بەلام بریا وەك هەر هاتیتەوە دەنگ کەمێ جڵەوی قەڵەمەکەت بگرتایە، یان هیچ نەبێ لە پەنا دیوار ی شیعرەوە نەهاتیتایەوە وەلام ، چونکە ئەمە کاری شیعر نییەو دەبوایە ڕوونتر و بەبێ ماسکی شیعر بدوایتایە،دواجار ئەڵێم خۆزگە نووسینەکان نەبوونایە بە گفتوگۆیەکی بێزەنتییانە، جا کێ کردی و چۆن بوو ،ئەوە مەسەلەیەکی ترە، خۆ گەر مەهابادخانیش هەر مەبەستی بوو بەو شێوازە لەگەڵ بەرامبەرەکانیدا بدوێ دەیتوانی لە جیاتی سێ لاپەڕە شیعر وتە بە ناوبانگەکەی ناژم حیکمەت بنووسێ کە دەڵێ :( کاروانەکە ئەڕواو سەگەکانیش هەر دەوەڕن)، ئیتر چ پێویستی بە نوسینی ئەو شیعرە دەکرد!!!!هەڵبەتە من

بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ ئەم جۆرە وەڵامەشدا نیم ، بەڵام لە واتادا ئەو شیعرە ی مەهاباد خان و ئەو وتەیەی نازم حیکمەت شتێکی ئەوتۆیان فەرق نییە!!بۆیە دیسانەوە دەڵێم بێدەنگییەکەت وەڵامێکی جوان بوو،بەڵام بە داخەوە ئەو شیعرە لە کێشی کەم کردەوە .